# وتوو ویژ ده گه ڵ كه یهانی كه ڵهورڕ
## مۆسیقای كوردی لام،زمانی دایكزادمه

نووسه ر : مه رزیه ڕه سووڵی
وه رگێڕ : ڕێناس جاف

ده سپێک : كه یهانی كه ڵهورڕ له و نیوه شه وه دا یه كه م كه س
بوو به رزه پێ هه ستایه وه و ده ستی كرد به چه پڵه لێدان .
هه مووان له " كرمان " دا، كاتژمێر سێی به ره به یانی یه ک له شه وانی
كۆڕه جێژنه كه ی مۆسیقای ناوچه كانی ئێران ، له ئۆتێل "گواشیر" دا
نقومی نێو دونیای مه ولوو خوێنی " غوڵامی مارگیری" و كوڕه كه ی
بوون.
غوڵامی مارگیری دواتر وتی : حازره سوێند بخوا زۆر كه سان له و
كۆڕه دا پڕ مه ی گریان به رۆكی گرتبوون .
كه یهانی كه ڵهوڕیش دواتر دركاندی له هیچ شوێنێكی دی ئه وه م
بۆ پێش نه هاتووه كه ئه وهه موو خرۆشه مۆسیقاییه پێكه وه به جارێ
به سه ریدا داباریێن و ئه وه ن بیهه ژێنن . مۆسیقای ناوچه كانی ئێران.
زستان دایمه وه رزی كۆنسێرته و ئه و له ده ره وه ی وڵات ده ژی.
هه واڵه كانی كه یهانی كه ڵهوڕ به رده وام له وبه ری ئێرانه وه
به ر گوێ ده كه ون. به جۆرێ مرۆڤ وا ئه زانێ ئیدی له ئێرانا ناژی.
به ڕێز كه ڵهوڕ بۆ به شداری له كۆڕه جێژنی مۆسیقای ناوچه كانی
ئێران بۆ وڵات هاتوویه وه ؟
" من له ناو دڵی ئێرانا ئه ژیم "
پرسیار : كۆنسێرت و به رهه مه كانی هاوبه شت ده گه ڵ
" شوجاعه ت حسێن خان " و ئه و مۆسیقای به شێوه ی سه ربه خۆ
جێ وه جێی ده كه ن ، گه لێ تۆفیری هه یه ده گه ڵ ئه و كۆنسێرتانه ی
هه تا به ورۆ " حه مه ڕه زا شه جه ریان " و " حسێنی عه لیزاده "
به ڕێوه یان بردووه . به ڕای تۆ ئه مه نابێته هۆی دووفاقه یی بوونی
كار و چالاكیت و ئایا كه لێن ناخاته نێو كاره كه ته وه ؟
وه ڵام : مۆزیسیه ن نابێ تاک ڕه هه ندی بیر بكاته وه .
مۆزیسیه ن،ئه مرۆ زۆر كاری لێ ئه خێزێ و ڕوانگه ی جیاوازیشی
هه یه . كاتێ ده گه ڵ به ڕێز ان شه جه ریان و عه لیزاده كار ده كه م،

ده بێ ڕوانگه یێکی  هاوبه شمان هه بێ که هه موومان له سه ری ته با و یه ک ده نگ بین . ئه م چه ن زوبانییه دیاره کارێکی خراپ نییه و
بگره ئه و هه له ش بۆ مرۆڤ  ده ڕخسێنێ ، ئه زموونی فره تر
وه ده س بخات . من و به ڕێزان شه جه ریان و عه لیزاده
کاتێ پێکه وه کار ده که ین که زوانی هه رسێکمان  بێ و کاتێ خه ڵک
گوێ بۆ به رهه مه که مان شل ئه کا، کاریگه رێتی هه ر کامه مان
له سه ری  دیار  بێ و هه رکێش له ڕوانگه ی خۆیه وه مۆرکی ئه رێی
پێدا ده نێ . کاری هاوبه شی ئێمه له حه قیقه ت دا مۆرکی
هه ر سێکمانی پێوه یه .
پرسیار : یانێ ڕای تاکی و که سێتی له گوڕێدا نییه ؟
وه رام : نه خێر، ڕای که س به سه ر که سی دیکه دا داناسه پێ .
هه ر کامه مان به گوێره ی توانامان پێکه وه کار ده که ین و جوانی
کاره که ش هه ر لێره دایه . بۆیه کاتێ  سه ربه خۆ ئاهه نگێ
ده گێڕین ، زۆر له گه ڵ کاری هاوبه شمانا تۆفیری هه یه .
پرسیار : به ڵام سه باره ت به به ڕێز شه جه ریان ئه م تۆفیر و
جیاوازییه که ئێوه باسی ده که ن ، ته نێ له به شی ئامێرێکدا
خۆ زێتر ده رده خات ، وادیاره ڕیتمی ئاواز و ئاهه نگ له هاوکاری
هاوبه شتان و له کاری سه ربه خۆی شه جه ریانا ئه وه ند تۆفیری نییه.
وه رام : ستران و گۆرانییه که ی به ڕێز شه جه ریان له به رهه می
" زستانه " ، جیاوازه ده گه ڵ به رهه مه کانی دی .
به هه ر حاڵ ئێمه هه ر کامه مان به گوێره ی ده سته ڵات و توانای خۆ،
خۆمان مژول ده که ین، ئه و به رهه مه ش ده خولقێ ئێژی ڕوانگه ی
سه ربه خۆی هیچ کامه مان نییه .
پرسیار : ئێمه وای بۆ ئه چین بیر و بۆچوونی به ڕێز شه جه ریان
به سه ر کار و پرۆژه که تاندا زاڵ بێت. چونکه به رهه مه کانی تۆ
ئه و ده مه ی پێکه وه ن ، زۆر نێزیک له کاره کانی شه جه ریانه .
وه رام : نه خێر وا نییه . له سات و کاتی جۆربه جۆردا ڕوانگه ی
ئێمه ش  ده گه ڵ یه ک تۆفیری هه یه . ته نانه ت کاتێ شێعری
"حافیز " ده کار دێنی ، به رهه مه که تۆفیری ده بێ هه تا ئه و ده مه ی
له شێعری  " ئه خه وانی سالیس" و شێعری نوێ و ڕوانگه و بۆچوونی
ژه نیار که ڵک وه رده گری. بۆیه له به رهه می ئه م گرووپه دا
ده ره نجامه که ی  ، ڕه سه نتر ده نوێنێ . سه باره ت به

به ڕێز شه جه ریانیش باوه کوو گۆرانییه کانی لای زۆربه ی خه ڵک و لای تاقمێکی تایبه ت ، مۆرکی ڕه سه نایێتییان پێوه یه، به ڵام تایبه ته مه ندی نوێخوازانه ی فره شی پێوه دیاره . زۆر گۆرانیت به ر گوێ ده که وێ ، له ئاواز و گۆرانی کۆن دا ده س ناکه ون . جۆره نوێگه رییه ک هه یه که بنج و بناوانی له نێو نه ریت دایه . چه شنه نه ریت خوازییه کیش هه یه ئه چێته خانه ی نوێگه رییه وه، به لای منه وه شه جه ریان وا له نێو ده سته و ڕیزی یه که مدا .

پرسیار : له کار و به رهه مه کانی هاوبه شدا، هه تا چه نده بایه خ به ڕا و بۆچوونی تۆ ده درێ ؟

وه رام : هه ر کامه مان له و نێوانه دا خاوه نی ڕای خۆمانین. بیرۆکه و بۆچوونی منیش له وه ختی خۆیدا ده کار دێ .

پرسیار : ئه تۆ سنووری مۆسیقای کۆن و نه ریتیت به زاندووه، که چی بۆ دانانی گرووپێکی نه ریتی ده گه ڵ به ڕێزانی شه جه ریان و عه لیزاده هاوکاریت کردووه، ئه و پێوه ندییه چلۆن ده س پێکرا و چۆن درێژه شی په یا کرد ؟

وه رام : ئێمه هه ر له کۆنه وه دۆس و هه ڤاڵ بووینه . کاتێ مێرمناڵ بووم ده گه ڵ به ڕێز عه لیزاده ئاشنایه تیم په یا کرد ، هه ر له مناڵیشه وه گوێم بۆ ده نگی به ڕێز شه جه ریان شل ده کرد ، 10، 12 ساڵ له مه وبه ر " شه و و بێده نگی و که ویر" مان بڵاو کرده وه . وه بزانم ئێمه زێتر له گرووپه کانی دی چالاک بووین و به رنامه مان داده نا وکۆنسێرتمان ده گێڕا .

له ده ره وه ی وڵات هه ر کامه له ئێمه یان ده ناسی و ده یانه ویست پێکه وه بین . به ر له وه ی ئێمه بیر له هاوکاری هاوبه ش بکه ینه وه ، خه ڵک له په نای یه کیان دانابووین و دواتر خۆمان بیرمان له وه کرده وه که پێکه وه بین .

پرسیار : ئه م هاوکارییه هه تا که نگێ ده خایه نێ ؟

وه رام : ئێمه هه ر کا مه مان کار و شولی تاکی و جیاوازی خۆمان هه یه ، به ڵام هه تا کاتێ هێز و گوڕی ئه و کاره مان تیا بێت ، پێکه وه ین . ئه رچی هه ر کار و چالاکییه ک خول و ده وره ێیکی خۆی هه یه و ڕۆژێ عومری به سه ر ده چێ و کۆتایی پێ دێ .

پرسیار : مۆسیقاکه ی ئه تۆ و به ڕێز عه لیزاده زۆر جاران سنووری زاراوه ی فه رمی مه ، ده به زێنێ. یانێ جیاوازه ده گه ڵ مۆسیقای

ڕه سه ن و ده زگاکانی مۆسیقای ئێمه. ڕوانگه تان هه تا چه نده لێک نێزیکه ؟
وه رام : ئه رچی ڕه نگه من و به ڕێز عه لیزاده وته مان یه ک نه بێ به لاَم بۆچوونمان لێک گه لێ نێزیکه .
ئه و وێنه کێشه ی که له سه ر شێوازی کۆبیزم کار ده کات ڕه نگه هه ندێ ڕه نگ ده کار بێنێ و وێنه کێشی دی که له سه ر هه مان شێواز ده چێ له ڕه نگی دی که لّک وه ربگرێ . ژه نیار کۆمه لّه فاکته رێکی له گه لّه . له فیزیای جه سته وه بگره هه تا بیر، ئاستی خوێندن ، شوێنی له دایکبوون، بنه مالّه ، سه یداکانی ، جۆری ئامێر ، جیهانبینی ، خوو وخده ، ئاشنایێتی ده گه لّ ڕوانگه ی سیاسی و به هره ی مۆسیقایی ، که سایێتی ژه نیار دروس ده که ن .
گه رئه وه مان به رچاو ده که وێ ژه نیار چاک بار نایه ، له به ر ئه وه یه کۆمه لّه و سیسته می مۆسیقا نه یتوانیوه ژه نیاری سه رکه وتوو بار بێنێ و زۆر که م گرووپێکی سه رکه وتوومان له ته نیشت یه کتردا به رچاو ده که وێ .
پرسیار : زۆرێ له مۆزیسیه نه کانی کۆن ، پێیان وایه چالاکی نوێگه رانه ی ئێوه ، ده بێته مایه ی دوور که وتنه وه ی مۆسیقا له ڕه سه نایێتی خۆی. تۆ ئێژی چی ؟
وه رام : من هیچ بڕوام به و ڕوانگه نییه . ناتوانی مێژوو و به روار بۆ ڕه سه نایێتی مۆسیقا دیاری بکه ی . ئه وانه ی شوێن که وته ی ئه و بیرۆکه ن، ئایا ده توانن ئاماژه به مێژووه که ی بکه ن ؟
مۆسیقا تووشی گۆڕان ده بێ ، هه ر وه ک چلۆن هه مه جۆره فاکته رێک له ژیانا دایمه گۆڕانی به سه ردا دێ، ئه مه ڕاستییه کی حاشا هه لّنه گره . ناتوانین سنوورێک بۆ نه ریت دانێین . نه ریته کان له گه لّ ژیانی مه دا گۆڕانیان به سه ردا دێ . هه ست به شانازی ده که م له کۆمه لّگه یێک دا ده ژیم که دایمه نوێ ده بێته وه .
قه ت نابێ له بیر بکه ین ئه وا نه ی له به ره ی کۆن که هێشتا ناوبانگیان له سه ر زارانه و وه ک ژه نیاری سه تی سه ت به به هره ی تایبه ته وه خۆیان ده رده خست . دونیا له سه ر فیکر و بیری نوێ به نه ، ئه رچی گش نوێگه رییه ک ده بێ به خانه ی نه ریت دا گوزه ر بکات . من هێشتا ئه وه ند نه ریت خوازم کاتێ گوێ بۆ ده نگی ئامێره که م شل بکه ی، تێئه گه ی مژولی که مانچه ژه نینم .

ئه مه زێتر نه ریت خواز بوونه ، باوه كوو هه ندێ فاكته ری كۆنی
مۆسیقایی ڕه نگه له به رهه می سه ربه خۆدا ده س نه كه ون.
پرسیار : ئه ی له " شه و و بێده نگی و كه ویر " دا چلۆن ؟
وه رام : ئه م به رهه مه هی گه لێ سالآن له مه وبه ره . پێشنیازه كه ی
له لایه ن منه وه بوو .
مۆسیقای كوردی لای من زمانی دایكزادمه ، به لآم گه لی هۆگری
مۆسیقای خۆراسان و توركه مه ن سه حراشم و زۆرم هه وڵ داوه
بیانخه مه نێو چوارچێوه ی مۆسیقای شارییه وه . چونكه ئه م مۆسیقا
بۆ ئه و كۆمه ڵگه ی ته نێ ئاشنا به مۆسیقای شاری ئێرانه ، قه ت
پێی ناگات.
پرسیار : ئێسته وا دیاره ئیدی مرۆڤه كه ی نێو كه ش و هه واكه ی
" شه و و بێده نگی و كه ویر " نیت ؟
وه رام : ئه م به رهه مه ، زوبانی ئه و سه رده مه یه و ده وره كه شی
به سه ر چووه . چونكه قه ت گه ره كم نه بووه و نامه وێ خۆم
دووپات بكه مه وه . زێتر له دووی ژه نینی بێ وه ستانم به شێوه ی
تاكی ، دووقۆڵی و گرووپی ، له بواری خۆ ژه نینی
نێو گرووپیش دا به رهه مێكم تۆمار كردووه كه هێشتا بلآو نه بۆته وه .
" غه زه ل " و " له ئاوێنه ی ئاسمانا " به و بیرۆكه چی بوونه .
ده مه وێ تاك ژه نین كه كۆڵه كه یێكی مۆسیقای ئێرانه سوورتر
بم له سه ری و چالاكییه كانم به و پێیه درێژه پێ بده م .
پرسیار : ئه م شێوه له م ساڵه دواییانه دا له لایه ن زۆرێ له
گرووپه كانی مۆسیقایی و هونه رییه وه وه پشت گوێ خراوه و
ئاماده بوونێكی زۆر كاڵ له و به ستێنه دا ده بینرێ ، وه بزانم هۆی
سه ره كی ئه وه بێ ئیدی هۆگرێكی مۆسیقا نه یه وێ به ته نێ
گوێ بۆ ده نگێ شل بكات . بۆیه تیپه كانی مۆسیقاییش دووی خواست و
نیازی هۆگر ده كه ون .
وه رام : هه ر وایه . مۆسیقا بۆ هۆگر بۆته ته وه ر و گوێگر و هۆگری
مه ش ، له باری شاره زایتی له سه ر مۆسیقا ، له ئاستێكی بان دا
نییه . به لآم ئه مه كارێكی نه باشه كه ئه م لقه ی مۆسیقا وا پێناسه
بكرێ كه گوایه ئیدی هۆگری نه ماوه . گه ر ئه و كاره به شێوه یێكی
جوان و ڕێك و پێك بكرێ دیاره هۆگری خۆی هه ر ده بێت، گه ریش
له قۆناخێكی ژیانا وه پشت گوێ خراوه، دیاره خه تابار ئێمه ین كه

نه مانتوانیوه باش پێناسه ی بکه ین و پێشکه شی جه ماوه ری
بکه ین . مۆسیقای ئێستا زۆر دابه زیوه و زێتر هه ڵپه ئه خاته
نێو خه ڵک و که متر کار ئه کاته سه ر دڵی جه ماوه ر و هۆگری
هونه ر . مۆسیقای کۆنی ئێمه له و لقه وه ده ستی پێکردووه و
بریتی له ئامێر و ئاواز و گۆرانییه . یانێ به تاکه که س به نه. له
شوێنێکه وه ده س پێکراوه که ئه رکه که ی له سه ر شانی یه ک یان
ئه وپه ڕه که ی دوو سێ که سان بووه . بۆیه کاری گرووپی بۆ مۆسیقای مه که به
تاکه ده نگه وه به نه ، به که ڵک نایه .
ڕوانگه ی به ره ی لاو بۆته هۆی ئه وه ی گرووپه کانی مۆسیقایی
ڕوو بکه نه کاری گرووپی ، هه ڵبه ت برێک جاریش به رهه می
جوان ده خولقێ به ڵام به گشتی سه رکه وتوو نه بووه .
له ئێرانا گرووپه کان به 20 ئامێران ئه و کاره ده که ن که چی
به تاقه ئامێرێک ده کرێ . کاتێ له ڕۆژاوا گرووپی مه زن ، چی ده بێ و
سه ر هه ڵئه دا ئامێره کانیش هه ر کام ، بۆ کاری تایبه ت ده کار دێن،
ئه مه ئه گه ڕێته وه بۆ شوناسی مۆسیقای ڕۆژاوا که فره ده نگه و
هه ڵگری زۆر ئامێران . مۆسیقای ڕۆژاوا له ڕووبه ره وه گه شه ی
کردووه له حاڵێک دا مۆسیقای لای مه ،گه شه که ی ئاسۆییه .
ئه مانه دوو دونیای جوایه زیان هه یه. به ڵام لاسایی کردنه وه
بۆته هۆی له بیر کرانی مۆسیقای مه . ئه وه له حاڵێک دایه مۆسیقای
ئێمه ئه وه نده ی ورده کار و جوانکاری تێدایه ، کاتێ مرۆڤ به ته نێ
خه ریکی ژه نینه جوانییه کی له به ردڵانی هه یه ، دیاره به چه ن
ژه نیاران ئه وکاره ناکرێ . له ماوه ی ئه م ساڵه دواییانه دا
تاک ئامێر ته واو وه پشت گوێ خراوه . ژه نیار قه ت به ناخدا ڕۆ ناچێ،
له به ر سیسته می فێرکاریش بایه خ به و ورده کارییانه نادرێ .
له کار گرووپیش دا له جیاتی کار کردن به ئامێرێکی جوێ، ڕوویان
له ئامێره کانی زه ربی کردووه .
پرسیار : ئه م خاڵه له نێو ئه و گرووپانه ی بانگه شه بۆ
ڕه سه نایێتی مۆسیقا ده که ن ، گه لێ باوه .
وه رام : هۆی سه ره کی ئه وه یه هه مووان مژولی به رهه م هێنانن .
لاوان گه ره کیانه پێگه یێک بۆ خۆ وه س بخه ن و زووتر به رنامه و
کۆنسێرت بگێڕن . له قۆناخێکی زه مه نی دا مۆسیقای کۆن و ڕه سه ن
له وڵات دا ڕۆڵی سه ره کی گێڕاوه ، هه ر ئه وه ش بۆته هۆی ئه وه ی

به و ده رده وه بچێ و ببێته مۆسیقای بازاڕی . ڕه نگه  گه ر ئه وه نده
گوشار له سه ر مۆسیقای ئێرانی نه بوا ،  وای به سه ردا نه هاتبا .
پرسیار : هاریکاری ئه تۆ و شوجاعه ت حسێن خان له به ر هۆگری ئه تۆ
به تێکه ڵکردنی دووجۆره مۆسیقایه  که ئه م ڕۆژانه ، بازاڕی پڕ گه رمه؟
وه رام : ئه م هاریکارییه دیاره ئه گه ڕێته وه بۆ هۆگری هه ر دووکمان
به بابه تی تاک ژه نین . بۆ تێکه ڵکردنی دوو جۆره مۆسیقا ده بێ
ناسیارێیکی نیوه چڵت ده س که وێ.  له و تێکه ڵکردنه دا من نامه وێ
دووی فره مۆسیقایی بکه وم ، یانێ ژه نیارێک له هیند، مۆسیقازانێکی
کلاسیک له ئه وروپا ، ژه نیارێ له ئه مریکای باشوور و هتد له په نای
یه کدا دانێم، چونکه لێک نێزیک کردنه وه یان له زوانێکی  هاوبه ش،
پڕ گرانه و عومری کورتی مرۆڤ ئه و ده رفه ته  به ئینسان نادا
دووی ئه و کاره بکه وێ . سه رباری  ئه وه ش ئه م چه شنه
تێکه ڵکردنه  ، نوێخوازی و نۆژه نکاری تیا نابینرێ و ته نێ ده نگ و
هه راکه ی فره تر به ر گوێ ئه که وێ . ئه م چه شنه مۆسیقا له
حه قیقه ت دا هی ڕۆژاوایه  که مێژینه که ی ئه گه ڕێته وه بۆ چل ساڵ
له مه و به ر، هه ڵبه ت دایمه ئه م چه شنه هه وڵانه له کاری مۆسیقادا
به رچاو که وتوون . ئه م تێکه ڵکردنه بۆ ئه و جۆره مۆسیقایانه
لێک نێزیک ترن، سووک و ساناتر ئه نجام ده گرێ .
بۆ مۆزیسیه نی خۆرهه ڵات بۆ نموونه پێوه ندی ده گه ڵ ژه نیارێکی
ئه مریکای باکوور زۆر زه حمه ته و ڕاده ی سه رکه وتنیش
له وا پرۆژه یێک دا دیاره له ئاستێکی نزم و خواردا ئه بێت .
پرسیار : بیرۆکه ی ئه تۆ له هاوکاری ده گه ڵ شوجاعه ت حسێن خان
هه تا چه ند له ئافراندنی به رهه می هونه ری دا ده ور ده بینێ ؟
وه رام : نیوه ی کار و به رهه مه که .  من له وه ی سه تی سه ت
پرۆژه و بیرۆکه م  جێ وه جێ ناکرێ، خۆشحاڵم . کاتێ
شوجاعه ت حسێن خان (م )  ده س نیشان کرد ، ڕه چاوی زۆر
خاڵانیشم تیا کرد . ئه و له نێو بنه ماڵه یێک دا گه وره بووه
حه وت پشتی ، ژه نیاری " سیتار " بوونه ، سه ره ڕای ئه وه
ژه نیارێکه له به ره ی خۆم  و جوان  له ده رد و چه رمه سه ری و
ته نگ و چه ڵه مه کانی کۆمه ڵگه ی ئه مرۆش ده گات .
ده مه وێ ئه م پرۆژه  به بیرۆکه ی به رانبه ر و یه کسان  بچێته پێش و
هه رچی ئه و ئه یزانێ و من نایزانم له و به ستێنه دا ده کاری بگرم .

نامه وێ  هه ر من بم ، مه گین له کار و به رهه مێک دا  نووسینی خۆم بێت .
پرسیار : ناسیاریت ده گه ڵ شوجاعه ت حسێن خان ده گه ڕێته وه بۆ که ی ؟
وه رام : من له نیۆیۆرک ده ژیام، به ڵام جار ناجارێک ده چووم بۆ کۆنسێرته کانی  مۆسیقای باکووری هیند . ده مێک بوو ده مه ویست له گه ڵ ژه نیارێکی دی له که لتوورێکی تر کاری هاوبه ش بکه م .
شێوه ی مۆسیقاژه نینی شوجاعه ت حسێن خان ، ڕوانگه ی له حاند مۆسیقا ، ئاواز و به رهه مه کانی و پێگه ی له دونیای مۆسیقا دا، بوونه هۆی ئه وه ی من پێشنیازی هاوکاری پێ بکه م . ئه ویش پێشوازی کرد و  غه زه لی یه ک ، دوو و سێمان پێکه وه ده رکرد .
غه زه لی یه ک به رهه مێکه ته واو به شێوه ی خۆوێژ و ئێمه بێ هیچ ڕاهێنان وئاماده بوونێک ئه و کاره ما ن پێشکه ش کرد. به ڵام له غه زه له کانی دی دا له و زوانه هاوبه شه زێتر نێزیک  که وتینه وه و به رهه مه که مان جوانتر ده ر ده چوو .
پرسیار : ده گه ڵ مۆسیقازان و ژه نیاری دی هاوکاریت کردووه ؟
وه رام : ئه رێ . له گه ڵ  به ڕێز موورادی ، له ئاوێنه ی ئاسمان (مان) بڵاوکرده وه  که به رهه مێکی دوو قۆڵییه . له و به رهه مه دا من ئامێری کۆنی مۆسیقایی ده کار دێنم و ئه وه ند شاره زا به و مه قامانه ی نیم که ئه و پێشکه شیان ده کات ، له حه قیقه ت دا ته نێ ئاشنا به قوتابخانه که ی مۆسیقایی ئه وم و به س .
پرسیار : بگه ڕێینه وه سه ر قسه کانی پێشوومان، ئه تۆ له مۆسیقادا که وتوویته دووی ڕێچکه یێکی جوێ و ئه ڵێی نابێ دووی دووپات کردنه وه بکه وی ، پێویستی هاریکاری ده گه ڵ به ڕێزان شه جه ریان و عه لیزاده له گرووپێکی نه ریتی دا له چی دا ده بینی ؟
وه رام : ئێمه ئه رچی هه ر کامه مان په رۆشیی تایبه ت به خۆی هه یه به ڵام  به رهه مێک پێشکه ش ده که ین که بۆ سبه یمان ده کار بێت و بمێنێته وه . هه ندێ جار پێم خۆشه بگه ڕێمه وه  سه ر ڕه سه نایتی مۆسیقا . کار کردن به تار ، ته مووره  و که مانچه ئه موورووژێنێ .
هه ر بۆیه له گه ڵ به ڕێزان شوجاعه ت حسێن خان و  شه جه ریان، به هه ستی جیاوازه وه له سه ر شانۆ ئاماده ده بین .
پرسیار : به هه ر حاڵ ئه تۆ و به ڕێزان شه جه ریان و عه لیزاده

گرووپێک پێک دێنن ؟
وه رام : نه خێر ئێمه تیپ و گرووپێک نین . چه ن سترانبێژ و
ژه نیارێکین له ده وری یه ک خڕ ده بینه وه . له کار و چالاکی گرووپ دا
یه ک بیرۆکه زاڵه و به رپرس دیارییه ، له حاڵێکدا ئێمه تایبه ته مه ندی
وامان تیا نییه به ڵام ده مانه وێ مۆسیقای ئێرانی و جوانکاری و
ورده کارییه کانی ببووژێنینه وه .
پرسیار : یانێ ئه م جۆره مۆسیقا چالاکی و په رۆشیی سه ره کی ئه تۆ
نییه ؟
وه رام : وه بزانم چاکت نه پێکا، مه به ستی من ئه و نییه . بڕوام
به وه نییه تاک و ئه ندامی گرووپێک بم که چی خاوه نی قسه و
بیر و بۆچوونی خۆم نه بم . هیچ کارێک لای من به هه ڵکه وت
چێ نابێت ، بۆ هه موو پرۆژه یێک ، موتاڵای له سه ر ده که م و
به ناسیارییه وه به ره و ڕووی ده چم . چونکه نامه وێ ئه کته ری
فیلمێک بم که سناریۆکه ی پێش تر نووسرا بێت .
پرسیار : گه ره کت نییه له ئێرانا بۆ هۆگرانت به رنامه ی زیندوو و
ڕاسته و خۆت هه بێت ؟
وه رام : من دوانزه ساڵه له ئێرانا به رنامه م نه بووه . ته نێ دوای
عه رد هه ژه که ی " به م " نه بێ که به مه به ستی یارمه تی دانی
زه بر ویێکه وتووانی ئه و کاره ساته سرووشتییه ، ده گه ڵ به ڕێزان
عه لیزاده و شه جه ریان سێ شه وان کۆنسێرتمان هه بوو به ڵام
بۆ کۆنسێرتی جوێ هێشتا بڕیارم نه گرتووه . ئه وه ن کاری مۆسیقایی
له ئێرانا پڕ زه حمه ته کاتێ ده چیه سه ر شانۆ سه ره کیترین کار
که به رهه می مۆسیقاییه ئه بێته ئه رکێکی لاوه کی ، بۆیه نامه وێ
له وا که شێک دا کار بکه م ، له ئێرانا هێشتا ده وری مۆسیقا له
کۆمه ڵگه دا ڕوون نییه ، هه ر ئه و ناهاوسه نگییه و دژبه رییه ئه بێته
هۆی ئه وه ی مرۆڤ پێی خۆش نه بێ درێژه به چالاکی بدات .

---

سه ر چاوه : ڕۆژنامه ی شه رق، سێ شه مه 8 ڕه شه مه ی
1383 هه تاوی ، 27 فیبراری 2005 زایینی

Renas caf@yahoo.com